وەزارەتـی نـــاوخـۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 1455
ڕێکەوت : 11 / 4 / 2023

---

## بانگهێشتی گشتی
## **کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.4- 2023) تەندەری پرۆژەی**
## **( چاکسازی لە یەکەی فلتەرەکانی پاڵاوگەی ئاوی کەلار 1 بە گۆڕینی چەولم و نۆزڵەکان )**
## **کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگـــاداری ســــەرجەم بەڵێنــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیــــنەوە کە تەنـــدەر ی پــــرۆژەی نــــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامـــــادەکراوە لە لایەن ( ب.ئـــاوی کەلار ) , لەســــەر بــــودجەی ب.ئــــاوی کەلار بــــۆ ســـاڵی ( 2023 ) جێبەجـــێ دەکرێـــت , هەرکەس ئـــارەزووی بەشـــداری کردنـــی هەیە بـــا ســــەردانی ب.ژمێریـــاری لە دیـــوانی ئیـــدارەکەمان بکـــــات بەمەبەســـــتی وەرگرتنــــــی تەنـــــدەر .
ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (150) سەد و پەنجا ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( 2 ) ساڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
• وەرگرتنـی تەنـدەر لە ڕۆژی ( پێـنج شـەممە 13 / 4 /2023)ەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (پێـنج شـەممە 4 / 5 / 2023) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە ( 100,000 ) سـەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شەممە 7 / 5 / 2023) کاتژمێر (11:00 )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:15)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
• بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ب.ئاوی کەلار بکەن .

• مەرجەکان:
1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( 2 تا 7 ) بێت وە پێناسی وەزارەتی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.
2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.
3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .
4- پێویـستە ئەو کۆمپانیـا و بەڵێنـدەرانەی کە بەشـداری دەکەن پشـتگیری بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تۆمـارکردنی کۆمپانیاکـان یـان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .
5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2023) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جـلال نــوری عبدالقـادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**

**/ 4 / 2023**